**ئالا سەعد**

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی تەقتەق:

# خۆزگە دەخوازم ڕۆژێک لە ڕۆژان فێرگەیەکی تۆپی باڵە بکەمەوە

ناحیەی تەقتەق-ی سەر بە قەزای کۆیە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یاریی تۆپی باڵە و یەکێك لەم یاریزانانەش کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئالا سەعد یاریزانی تیپی باڵەی یانەی تەقتەقە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی ناحیەی تەقتەق و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و پێشووتریش یاریزانی یانەی پێشمەرگە و هەڵبژاردەی عێراق بووە. لە ساڵی ١٩٩٧یشەوە پەیوەندی بە یانەی تەقتەق کردوە و ڕۆڵیی گرنگی لە یانەکە بینیوە وچەندین ئەنجامی گەورەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراق لەگەڵ تیپەکەی بەدەستهێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەگشتی باشە لە چاو ساڵانی پێشووتردا، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانەوە، بەداخەوە لە هەندێ شوێن و شارۆچکەی کوردستان یاریی باڵەی کچان نەماوە.

*** ئەی لەسەر ئاستی عێراق کە تۆ لە هەردوو خولەکە بەشداری، ئاستی یارییەکە چۆن دەبینی؟**

- لەسەر ئاستی عێراقیش بەو شێوەیە نییە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٧ پاڵەوانیەتی باڵەی عێراق لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو، زۆرێك لە یانەکانی کوردستان بەشدار نەبوون.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- باشترین شت بۆ باشتربوونی ئاستی ئەم یارییە، ئەوەیە کە ساڵانە شوێن و کاتی پاڵەوانییەتییەکان دیاری بکرێت و لیژنەی ئۆلۆمپی بایەخی زیاتر بەم بوارە بدات، پێداویستی ئەم یارییەش بۆ یانەکان فەراهەم بکرێت.

*** بۆچی یانەکەتان زۆرتر گرنگی بە یاری باڵەی کچان دەدات، لە چاو یارییەکانی دیکە؟**

- یانەی تەقتەق لە ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە، ئەم تیپەش هەر لەم ساڵەدا لەسەر خواستی کچە یاریزانان دروست بووە و داوا کراوە گرنگی بەم یارییە بدرێت بە درێژایی تەمەنی.

***گرفتەکانی کچان لەبەردەم بەردەوامبوونیان لە وەرزش چییە؟**

- لە ئێستادا کێشەو گرفتەکان کەمترن، ئەوەی کە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بودجەی پێویست، هەر چەند ڕاهێنەر و یاریزانانەکانی ئێمە لە دڵسۆزییان بۆ وەرزش و یاری باڵە بە خۆبەخشانە چەند ساڵێکە لە هەموو لایەکەوە بەردەوامن.

*** بەگشتی چۆن لەم یارییە دەڕوانیت؟**

- یارییەکە زیاتر خۆشی لێ دەبینرێ و ماندووبوونی زۆر کەمە.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

-پێشووتر هیوام وابوو لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی وەربگیرێم، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتووانە قۆناخەکانی کۆلێژم بڕی، ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشەویستیم بۆ پیشەکە زیاتر دەبێت و بەو هیوایەم توانیبێتم خزمەتێکم بە بواری وەرزش گەیاندبێ لە هەر لایەك بێ.

*** لە ستافی تازەی کارگێڕی یانەکەتان ڕازیت؟**

- بەهۆی دەستەی کارگێڕیی ڕابردوو من دوو ساڵ دوور کەوتمەوە لەم یانەیە، بەداخەوە دەیانویست وەرزش تەنیا بۆ چەند کەسێك بێت، لە ستافی تازەش بەم ماوەیە کورتە کە خۆیشم بەشێکم لەم ئیدارە کاری باش کراوە بۆ باڵەی کچان و کوڕان و هیوادارم لە ماوەی داهاتوو بە ڕۆحێکی وەرزشی کاری باش بکەین بۆ تیپەکە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- لە هەموو کاتێکدا ڕوو دەکەیتە بەرپرسانی وەرزشی بۆ ئەوەی ئەوان لە گرفتەکانی وەرزش بگەن، هیوادارم ئەگەر بچووکترین کەل و پەلیش بێت بەسەر یانە وەرزشییەکان دابەشی بکەن و دەستی یانە وەرزشییەکان بگرن.

*** بەنیاز نین فێرگەی تۆپی باڵەی کچان بکەنەوە؟**

- خۆزگە دەخوازم ڕۆژێك لە ڕۆژان فێرگەیەکی تۆپی باڵە بکەمەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من یازدە ساڵە لە هەولێر دادەنیشم، ئەم کارە بۆ من زۆر ئەستەمە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- هیواخوازم پەرەی زیاتر بەم بوارە بدرێت و کچان و ژنان بەتایبەت لە وەرزش دانەبڕێن، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانی کوردستانە.





FIFA WORLD CUP
RUSSIA 2018

# ژمارەکانی مۆندیال



دوای دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی (٢٠١٨) لە رووسیا فایلی وەرزشی گۆڤاری گـوڵان پێش دەسـتپێکردنی یارییـەکان تـا کۆتایـی پاڵەوانێتیەکـە، رۆماڵێکـی مێـژووی پاڵەوانێتیەکە دەکەین لە رووی بڵاوکردنەوەی داتا و ژماره پێوانییەکانی جامی جیهانی، ئـەم هەفتەیـە چەنـد ژمارەیەکـی تایبەتـی مۆندیالمـان باسـکردووە.

■ ئا: رێبین رەمزی

# کلۆزه گۆڵکاری مێژووی جامی جیهانییه

ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا میروسلاف کلوزه لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی (٢٠١٤) توانی ریکۆردی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل رۆناڵدۆ بشکێنێت و ببێتە گۆڵکاری مێژووی جامی جیهانی دوای ئەوەی بەشداری لە چوار پاڵەوانێتی کرد لە ساڵەکانی (٢٠١٤،٢٠١٠،٢٠٠٦،٢٠٠٢) و لە کۆی ٢٣ یاری توانی (١٦) گۆڵ تۆماربکات.

نزیکترین یاریزان بۆ شکاندنی ئەم ریکۆردە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و بایەرن میونیخ مۆلەر-ە، کە ئێستا بەشداری لەم پاڵەوانێتیە دەکات و خاوەنی (١٠) گۆڵە.

ئەمەش ریزبەندی گۆڵکارانی مێژوویی جامی جیهانی:

١- کلۆزە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ١٦ گۆڵ

٢- رۆناڵدۆ هەڵبژاردەی بەرازیل ١٥ گۆڵ

٣- گێرد مۆلەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ١٤ گۆڵ

٤- جاست فۆنتین هەڵبژاردەی فەرەنسا ١٣ گۆڵ

٥- بیلیه هەڵبژاردەی بەرازیل ١٢ گۆڵ

٦- ساندۆر کۆتشیس هەڵبژاردەی هەنگاریا، یورگن کلینسمان هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ١١ گۆڵ

٧- مۆلەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، هلمەت راهن هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، گابرییل پاتیستۆتا هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، گاری لینکیر هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، کۆبیلاس هەڵبژاردەی پیرۆ، لاتۆ هەڵبژاردەی پۆلەندە ١٠ گۆڵ.

جێگەی باسە ئەم ئامارە هیچ گۆڵێکی مۆندیالی (٢٠١٨) هەژمار نەکراوە.



# مێژووی تۆمارکردنی (هاتریک)

زۆرجار باس لە ووشەی (هاتریک) دەکرێت، ئەم وشەیە لەو کاتە دەگوترێت، کاتێک یاریزانێک لە یەک یاری (٣) گۆڵ تۆماردەکات، لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی لە کاتی دەستپێکردنی لە ساڵی (١٩٣٠) تا دواین پاڵەوانێتی لە ساڵی (٢٠١٤) تەنیا (٤٣) جار هاتریک تۆمارکراوە.

تەنیا لە پاڵەوانێتی جامی جیهانی (٢٠٠٦) هیچ یاریزانێک نەیتوانی سێ گۆڵ لە یەک یاری تۆماربکەن واتە (هاتریک).

ئەمەش چەند ئامارێکی تایبەت بە هاتریک:

- یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا (بیرت باتینۆد) یەکەم هاتریکی لە مێژووی جامی جیهانی تۆمارکرد لە ساڵی (١٩٣٠) کاتێک توانی (٣) گۆڵ لە هەڵبژاردەی پارگوای تۆماربکات.
- تەنیا چوار یاریزان توانیان دوو هاتریک لە مێژووی جامی جیهانی تۆماربکەن ئەوانیش هەریەکە لە (ساندۆر کۆتچیس) هەڵبژاردەی هەنگاریا لە جامی جیهانی (١٩٥٤) و یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا (فۆنتین) لە جامی جیهانی (١٩٥٨) و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (گێرد مۆلەر) لە جامی جیهانی (١٩٧٠) و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین (پاتیستۆتا) لە جامی جیهانی (١٩٩٤-١٩٩٨).
- هەردوو یاریزان ساندۆر کۆتچیس و گێرد مۆلەر تاکە یاریزانن لە یەک مۆندیال دوو هاتریک لە دوو یاری لەسەر یەکدی تۆماردەکەن.
- پاتیستۆتا تاکە یاریزانە دوو هاتریک لە دوو جامی جیهانی جیاواز تۆماربکات.
- گیرمۆ ستابیلی ئەرژەنتینی تاکە یاریزانە لە یەکەم یاری نێودەوڵەتی خۆی لە جامی جیهانی (١٩٣٠) هاتریکی تۆمارکرد.
- بیلیە بچووکترین یاریزانە لە تۆمارکردنی هاتریک کاتێک توانی سێ گۆڵ تۆماربکات و ئەو کاتە تەمەنی تەنیا (١٧) ساڵ و (٢٤٤) رۆژ بوو.
- یاریزانی هەڵبژاردەی هەنگاریا لازلۆ کیس تاکە یاریزانە، کە بتوانێت لە ماوەی ٧ خولەک سێ گۆڵ تۆماربکات و تاکە یاریزانە ، کە بێتە نێو یاریگا و سێ گۆڵ تۆماربکات.
- هەردوو یاریزانی چیکوسلۆڤاکیای پێشوو تۆماس سکۆهار لە مۆندیالی (١٩٩٠) و یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (کلۆزە) لە مۆندیالی (٢٠٠٢) تاکە یاریزانن، کە بتوانن سێ گۆڵ بەسەر تۆماربکەن.
- یاریزانی گیریگ برۆبست خێراترین هاتریکی لە مێژوو تۆمارکرد، کاتێك لە خولەکی (٤) تا خولەکی (٢٤) سێ گۆڵ تۆماربکات ئەمەش لە مۆندیالی (١٩٥٤)بوو.

جێگەی باسە ئەم ئامارانە هیچ گۆڵێکی جامی جیهانی (٢٠١٨) تیایدا هەژمار نەکراوە.





# گۆڵکاری سەرجەم پاڵەوانێتیەکانی جامی جیهانی بزانە

لەساڵی (١٩٣٠) یەکەم پاڵەوانێتی جامی جیهانی بۆ تۆپی پێی دەستی پێکرد و لەگەڵ تەواوبوونی مۆندیالی (٢٠١٤) بیست پاڵەوانێتی جامی جیهانی بەڕێوەچووە، ئەمەی خوارەوەش گۆڵکاری سەرجەم پاڵەوانێتیەکانی جامی جیهانییە.

١- جامی جیهانی ١٩٣٠

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین (گیرمۆ ستابیلی) بەتۆمارکردنی (٨) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٢- جامی جیهانی ١٩٣٤

یاریزانی هەڵبژاردەی چیکوسلۆڤاکیای پێشوو (ئۆلدریچ نیبدلی) بەتۆمارکردنی (٥) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٣-جامی جیهانی (١٩٣٨)

یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل (لیۆنیداس دا سێلفا) بەتۆمارکردنی (٧) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٤-جامی جیهانی (١٩٥٠)

یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل (ئەدیمێر مارکێز دی منزیس) بەتۆمارکردنی (٩) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٥- جامی جیهانی (١٩٥٤)

یاریزانی هەڵبژاردەی هەنگاریا (ساندۆر کۆتچیس) بەتۆمارکردنی (١١) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٦- جامی جیهانی (١٩٥٨)

یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا (جاست فۆنتین) بەتۆمارکردنی (١٣) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٧-جامی جیهانی (١٩٦٢)

لەم پاڵەوانێتیە شەش یاریزان بەتۆمارکردنی (٤) گۆڵ بوونە گۆڵکار (گارنیشیا، ڤاڤا) هەڵبژاردەی بەرازیل، (فلۆریان ئەلبێرت) هەڵبژاردەی هەنگاریا، (ڤالنتین ئیڤانۆڤ) یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو، (درازین یرکۆڤیتچ) یۆگسلافیای پێشوو، (لیۆنێل سانشێز) هەڵبژاردەی شیلی.

٨-جامی جیهانی (١٩٦٦)

یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال (ئۆزیبیۆ) بەتۆمارکردنی (٩) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٩-جامی جیهانی (١٩٧٠)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (گێرد مۆلەر) بەتۆمارکردنی (١٠) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٠- جامی جیهانی (١٩٧٤)

یاریزانی هەڵبژاردەی پۆلەندە (لاتۆ) بەتۆمارکردنی (٧) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١١- جامی جیهانی (١٩٧٨)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین (ماریۆ کیمبس) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٢- جامی جیهانی (١٩٨٢)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (پاولۆ رۆسی) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٣- جامی جیهانی (١٩٨٦)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە (گاری لینکیر) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بوونە گۆڵکار.

١٤- جامی جیهانی (١٩٩٠)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (سکیلاتشی) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٥- جامی جیهانی (١٩٩٤)

هەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی رووسیا (سالینکۆ) و یاریزانی هەڵبژاردەی بولگاریا (ستۆیشکۆف) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٦- جامی جیهانی (١٩٩٨)

یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا (دافۆر سۆکر) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٧- جامی جیهانی (٢٠٠٢)

یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل (رۆناڵدۆ) بەتۆمارکردنی (٨) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٨- جامی جیهانی (٢٠٠٦)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (کلۆزە) بەتۆمارکردنی (٥) گۆڵ بووە گۆڵکار.

١٩- جامی جیهانی (٢٠١٠)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (مۆلەر) بەتۆمارکردنی (٥) گۆڵ بووە گۆڵکار.

٢٠- جامی جیهانی (٢٠١٤)

یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا (خامیس رۆدریگێز) بەتۆمارکردنی (٦) گۆڵ بووە گۆڵکار.





# تۆپی سەرمێزی پێشمەرگە بەردەوامە

لە ئامادەکارییەکانی تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی وەرزشی پێشمەرگە بەردەوامە لە سەر ئامادەکارییەکانی بۆ پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو لە خولەکانی عێراق و کوردستان و وڵاتانی عەرەبی، کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش بە درێژایی ساڵ ئامادەکارییەکانیان ناوەستێنن بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لەسەر باشترین ئەنجامەکانی خولەکە بکەن، بەڵێن عوسمانی ڕاهێنەریش بەردەوامە لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانیان لەگەڵ کچە یاریزانانی تیپەکەی، لەبارەی ئامادەکارییەکانیش بەڵێن عوسمان ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەك تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگە بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان و هیچ دانەبڕاوین، سەرەڕای بوونی قەیران و گرفتی داراییش، بەڵام ئێمە ئامانجمان پێگەیاندنی یاریزانان و دروستکردنی تیپێکی بەهێزە بۆ داهاتوو، بۆ ئەوەی بەم تیپە بچینە نێو کێبڕکێیەکان، جگە لەوەش مانگی ڕەمەزانیش بە شەوان مەشقەکانمان ئەنجام داوە و ئامادەین بۆ بەشداریکردن لە هەموو پاڵەوانیەتییەك چ لە ئاستی عێراق، یان کوردستان، یان دەرەوەش بێت، چونکە ئێمە پاڵەوانی عێراقین و نوێنەری یانەکانی کوردستان و عێراقین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتووی عەرەبی، بۆیە دەمانەوێ لەم ئامادەکارییە بەردەوامانە باشترین تیپ دروست بکەین، ئەوکات بچینە نێو کێبڕکییەکان.» گوتیشی: «پێنج کچە یاریزانی یانەکەمان مەشقی بەردەوام دەکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و تەکنیك بچینە نێو کێبڕکییەکان، ئەوکاتە دەتوانین باشترین ئەنجام لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەش بەدەست بهێنین، سوپاسی کارگێڕغی تیپەکەش دەکەین کە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتمانن بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەین، هەتا بۆ هەموو خول و پاڵەوانیەتییەك ئامادە بین».






## پێشمەرگەی سلێمانی بەشداری خولی عێراقی دەکات



تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای ئەوەی ئەمساڵ بە شایستەیی توانی سەرکەوێت بۆ یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمجارە پلانی یانەکە و خەونی کارگێڕیی تیپەکە زیاتر بووە و دەیانەوێ لە ڕێگای سەرکەوتنیان لە خولی کوردستان، هەنگاو بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی بهاوێن، لەبارەی بەشداریکردنیان لەم خولەش ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « لەسەر داواکاری کارگێڕیی یانەکەمان بە ئێمە گوتراوە بۆ بەشداریکردن لەخولی پاڵاوتنی یارییەکانی خولی عێراقی، ئێمەش نامانەوێ هەر بەشداریکردن بێ لە خولی پاڵاوتن و ئامانجمان ئەوەیە سەر بکەوین، چونکە تیپێکی تۆکمە و بێ گرفتمان هەیە و یاریزانانی ئێمە توانای ئەوەیان تێدایە کە بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانەکانی تری بەشدار لە خولەکە بکەن.» گوتیشی: «لە بەرنامەماندایە پۆلێك یاریزانی بەتوانای کورد بگوازینەوە ریزی یانەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین.» لەبارەی گرفتی تیپەکەش گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە و یاریزانەکمان بە تەواوی ئامادەن بۆ ئەم خولە و چاومان لەوەیە ئەنجاممان دڵخۆشکەر بێت.»



## یانەی هەولێر هیچ یاریزانێکی دوورنەخستۆتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر ئەمساڵ بە کۆمەڵێك یاریزانی لاوی کوردی یانەکەی بەشداریی کێبڕکێیەکانی خولی تۆپی پێی نایابی یانەکانی کوردستانی کرد، کە هەم وەکو ئامادەکارییەك بوو بۆ یارییەکانی پاڵاوتن و سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە ماوەیەکی زۆریشە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر کار لەسەر سەرخستنی تیپەکە دەکات بۆ خولی نایابی عێراق. لە لایەکی دیکەوە یانەی هەولێر دوو وەرزە لە خولە گەورەکەی عێراق ناوی نەماوە و هاندەران و کارگێڕیی تیپەکەش ئەمساڵ دەیانەوێ تیپەکە یەکێك بێت لە تیپە گەورەکانی خولەکە، هاوکات لە شەقامی وەرزشیی کوردستان دەنگۆی دوورخستنەوەی ١١ یاریزانی کوردی یانەکە بڵاوبۆتەوە، بەڵام دکتۆر تەها قادر یاریدەدەری ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە و هەر لەو بارەیەوە تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هیچ یاریزانێك لە یانەی وەرزشیی هەولێر دوور نەخراوەتەوە و هەولێر دەستبەرداری هیچ یاریزانێکی نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم پۆلە یاریزانە لە سەر داوای ڕاهێنەر بۆ خولی عێراقی بانگهێشت نەکراون، ئەگەرنا هەر یاریزانی یانەی هەولێرن و هەولێریش لە خولی نایابی کوردستان پشتیان پێ دەبەستێ.» لەبارەی هێنانی ئەو پۆلە یاریزانەش لە یانەکانی تری کوردستان، گوتی: «ئێمە ئامانجمان گەورەیە لە خولی عێراقی و دەمانەوێ ئەمساڵ بە هەر نرخێك بێت، جارێکی دی هەولێر بگەڕێنینەوە سەردەمی زێڕینی و بچینەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هێنانی ئەو یاریزانانەش هەمووی یاریزانی بەتوانان و پێشووتریش بەشێکیان لە خولی عێراقی یارییان کردووە و ئەزموونی باشیان هەیە و هیچیان لە یاریزانانی تیپەکانی تر کەمتر نییە، بەهیوای ئەوەین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین بۆ شاری هەولێر.»

